www.kurdistannet.org
28-1-2006 20:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا یەکگرتوو لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدا بەشدار دەبێت؟ ... ئیبراهیم عەلی

چەند ساڵە هەموو میللەت، هەموو تاکێکی دڵسۆزو بە ئەمەك بۆ ئەم خاك و نیشتمانە هاوار دەکات. . وەرن یەك بگرنەوەو چیتر نیشتمان دابەش مەکەن، سنورە زەردو سەوزەکان لەناو بەرن و وەرن نیشتمان دڵخۆش کەن و لە یەك ڕەنگی ڕزگاری بکەن، چونکە نیشتمان زۆر دەمێ بوو هاواری بوو لە دەست ڕەنگی بەعس، دەی ئێوەش جارێکی تر ئەم ئەزموونە دووبارە مەکەنەوەو نیشتمان برازێننەوەو ڕەنگاو ڕەنگی بکەن.
دوای ئەو هەموو ساڵە شکور بۆ خوای مەزن وا ئەمڕۆ بڕیاری تێکەڵ بوونەوە دەدەن و هەردوو کیان بەیەکەوە بەم نزیکانە کابینەیەکی تری حکومەت ڕادەگەیەنن - ئەگەر پەشیمان نەبنەوە!!
گومانیش لەوەدا نییە کە تەنیا ئەو دوو هێزە لەو گۆڕەپانە دا نین و هێزی تریش هەن کە دەبێ بەشدار بن لە حکومەتدا، وەك چۆن لە پەرلەماندا بەشدارن.
دەبێ ئەو حەقیقەتەش بزانین کە قورسایی هەریەك لەو هێزانە جیاوازە لە گۆڕەپانەکەدا، تەنانەت لەناو پەرلەمانیشداو دەبێ بەشی ئەوانیش بە پێی ئەو قورساییە بێت لە حکومەتی نوێدا.
ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم دوو هێزە ئەم حەقیقەتە دەشارنەوەو هەموو حیزبەکانی ناو پەرلەمان بەیەك چاو تەماشا دەکەن، وەك ئەوەی خێریان پێ بکەن هەریەکەو یەك وەزارەتیان بۆ دیاری دەکەن لە حکومەتی نوێدا، لە کاتێکدا جیاوازی زۆر هەیە لە نێو ئەم هێزە سیاسییانەدا.
پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا یەکگرتوو ڕازییە بەو بەشەی کە بۆی دیاری کراوەو بەشداری دەبێت لە حکومەتدا؟ ڕەنگە هێزەکانی تر گرفتیان نەبێ لەگەڵ ئەو بەشەی کە بۆیان دیاری کراوە، چونکە ئەگەر ئەو بەشە زیاد نەبێ لێیان کەم نییە، تاکە هێز کە قورسایی زۆرتر بێ لەو بەشەی کە بۆی دیاری کراوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە،
ئەو هێزەی کە ئیعلانی جەنگی کردووە لە دژی گەندەڵی، هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامی تا ئێستا بە ڕەسمی هیچی ڕانەگەیاندووە کە ئایا بەشدار دەبێت یا نا، بەڵام دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکات کە ئەوان لە پێناو بنەبڕکردنی گەندەڵی شەهیدیان داوەو نابێ ئەم جارەیان وا بە ئاسانی دەستەبەرداری ئەو شەرەفە بن.
چونکە هێزێکی وەك یەکگرتوو چاوەڕێی شتی گەورەتری لێدەکرێ و دەبێ ئەوەش بێت کە جەماوەر دەیەوێت، نەك بەرژەوەندییە سیاسییەکانی حیزب، چونکە گەر ئەمڕۆش نەبێ دواجار جەماوەر سنوری حکومەت دیاری دەکات و لە دادگای دەنگی جەماوەردا جارێکی دی ئەم قورساییەی نابێ کە ئەمڕۆ هەیەتی،
بەشدارینەکردنی یەکگرتوو لە حکومەتی نوێدا مانای ڕاستەقینەی ئەو شیعاراتانە نیشان دەدات کەلە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا بەرزی کردبووەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کاتێ سکرتێری پەرلەمان نەدرا بە یەکگرتوو، یەکگرتوو ڕایگەیاند بە کەمتر لە سێ وەزارەت لە حکومەتی داهاتوودا ڕازی نابێ، جەماوەر ئەمجارە دەیەوێت یەکگرتوو موعاریز بێت نەك موشاریك.